# بۆ ژنانی کۆبانێ

**ئەفشین بابایی**

لەناو بەرد

تاشە بەرد و

چیا

فیشەکەکانیان

لە پشت دەبەستن

و بە پرچی

خورمایی و

پەخشانەوە

بە سەر بەرد و

تاشە بەرد و

چیاوە

لە ژێر شەماڵی کۆبانێ و

لە ناو بزەی خۆیاندا

دەدرەوشێنەوە

بۆ ئەوەی کوردستان لە ئامێز بگرن

لێویان لایەلایە دەچرپێنێ

با منداڵانی کورد بە هێمنی بخەون

لەناو بەرد

تاشە بەرد

چیا

پەنجەیان

بە سەر پەلەپیتکە و

گیانیان

بە پەرۆشەوە

هەوایەک لێدەدات:

بەخێرچی ئەی عیبادەتی نەمان

دایکان،

کچان،

ژنانی کۆبانێ،

سروود!

کوردەکان

سروود!

ژیان

سروود!

هەرمان ......

لەناو بەرد

تاشە بەرد و

چیادا

کۆبانێ!

کۆبانێ!

دایکانت

خوشکانت

کچانت

ڕوانینە سەر پەلەپیتکەی ئازادین و

بزەی ڕەگبارەکانی داهاتوو

(وەرگێڕان لە فارسییەوە: ئەنوەر سوڵتانی)